http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.404

# مۆرفۆلۆژیای گوندەكانی ناحیەی قەسرێ (دۆڵی باڵەیان وەك نموونە)

ساكار محمد حسن گەردی[1] فاطمة قادر مصطفى[2]

[1،2] بەشی جوگرافیا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان ، زانكۆی ڕاپەرین

[1] sakar.gardi@uor.edu.krd

[2] fatma.qadr@uor.edu.krd

## پوختە

جوگرافیای (گوندنشین) یەكێكە لە لقە نوێیەكانی جوگرافیای مرۆیی، لێكۆڵینەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی سەدەی ڕابردوو، جا ئەو لێكۆڵینەوە لەبارەی شێوازی نیشتەجێبوون، ولایەنی گەشە وئابووری وكۆمەڵایەتییەوە بێت، یان بۆ بەدەستهێنانی چارەسەركردنو جەختكردنەوە لەسەر گۆڕانكاریەكان بێت. ئەم بایەخ پێدانەش لە چەندین بواردا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە لە بواری ئابووری وكۆمەڵایەتی وجوگرافی. یەكێك لەو باسانەی كە لە بواری جوگرافیای گوندنشینی جێگای بایەخ پێدانە بریتیە لە مۆرفۆلۆژیای گوندەكان، چونكە فاكتەرە جوگرافیەكان ڕۆڵێكی دیاریان هەیە لە دەركەوتنی شێوەی گوندەكان لە ڕووی شێوازی دابەشبوونی خانوەكان ودروستكردن وكەرەستەی بیناكاری خانوەكان وشەقام وكۆڵانی گوندەكان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆكارێك بۆ زیاتر بەدواداچوون وتوێژینەوە ودەرخستنی ئەو فاكتەرانەی كە لە پشت مۆرفۆلۆژیای گوندەكانەوەن، هەر ناوچەیەك وهەرێمێكی جوگرافی خاوەنی جۆرێك لە مۆرفۆلۆژیای تایبەت بە خۆی هەیە.

**كلیلی ووشەكان:** مۆرفۆلۆژیا، قەسرێ ،دۆڵی باڵەیان، خانوو

## پێشەكی

بەهۆی بوونی چەند تایبەتمەندیەك گوندەكانی دۆڵی باڵەیان خاوەن مۆرفۆلۆژیای تایبەت بەخۆیانن. فاكتەرە جوگرافیەكانی ئەم ناوچەیە ڕۆڵیان هەیە لە بەخشینی شێوازی خانووی گوندەكان وكەرەستەی بیناكاری وكۆڵانی گوندەكان. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەموو ئەو تایبەتمەندیانە بخرێنەڕوو, هەروەك فاكتەرە بەهێزەكانی پشت ئەم تایبەتمەندیانەش ڕوون بكرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی كە تائێستا هیچ لێكۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم شوێنە نەكراوە دەتوانیین بڵێن ئەوە یەكەم توێژینەوەی زانستیە لەم شوێنەدا كە زۆر پێویست وگرنگیشە سەرەڕای نەبونی داتاو زانیاری پێویستیش، هەوڵمانداوە ئەوەی پێویستە لە بابەتەكە بیخەینە بەردەست.

## بایەخی لێكۆڵینەوە

تاوەكو ئێستا لێكۆڵینەوەكانی پەیوەست بە بابەتی گوندنشینی لەهەرێمی كوردستاندا بە ئەندازەی پێویست نەبووە لەگەڵ ئەوەی كە گوندەكانی هەرێمی كوردستان توشی چەندین گۆڕانكاری بوونەتەوە، لەو گۆڕانكاریانەی كە بەسەر گوندەكاندا

هاتووە مۆرفۆلۆژیای گوندەكانە، ئەویش كاریگەری هەبووە لەسەر تێكدانی گوند وشێوەی بڵاوبوونەوەو كەرەستەی دروستكردنی خانووەكانیان، بۆیە لێكۆڵینەوە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەكان بایەخی خۆی هەیە، چونكە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێكخستن وبەرنامە دانان بۆ سەرلەنوێ ئاوەدان كردنەوەی گوندەكان ودەست نیشان كردنەوەی شوێنی گونجاو بۆ گوندەكان وشێوەی خانووەكان بەگوێرەی ئەو فاكتەرانەی كە كاریگەریان لەسەر هەیە.

## ئامانجی لێكۆڵینەوە

بەسوود وەرگرتن لەدەرخستنی شێوەی گوندەكان وشێوەو كەرەستەی خانووی گوندەكانی دۆڵی باڵەیان، وەدەرخستنی ئەو فاكتەرانەی كە كاریگەریان هەیە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەكان لەناوچەكەدا، دەكرێ بگەین بەئامانجی سەرەكی لێكۆڵینەوەكە بریتیە لە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان بەشێواز و ئەندازە وتەرزی گونجاو وسەردەمیانە لەپێناو زیاتر خزمەت گەیاندن بەدانیشتوانی گوندەكان، هەروەك ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان پێویستیان بەم جۆرە لێكۆڵینەوانە هەیە.

## میتۆدی لێكۆڵینەوە

لە لێكۆڵینەوەكەدا هەوڵدراوە میتۆدی وەسفی وەمیتۆدی شیكردنەوەو بەراوردكاری بەكار بهێنرێت، بەپشت بەستن بە زانیاری وداتاكان لە فەرمانگەی فەرمی و نافەرمی وتێبینی كردنی ڕاستەوخۆو سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە، بەو پێیەیە كە توێژەران شارەزای ناوچەكەن وسەردانی زۆربەی گوندەكانیان كردووە، پاشان نیشاندانی ئەو زانیاریانەی كە لە نەخشەو داتادا هەیە، هەریەكەیان تایبەتمەندی زانستی بە بابەتەكە بەخشیوە.

## دیاریكردنی ناوچەی لێكۆڵینەوە

ناحیەی قەسرێ[*] دەكەوێتە باكوری ڕۆژهەلاتی پارێزگای هەولێر بە ماوەی (126) كم لەسەنتەری شاری هەولێر، و (25كم) لە قەزای چۆمانەوە دوورە. لە ڕۆژهەلاتدا سنوری ئێران وسەنتەری قەزای چۆمانە، بەشی باكوری ناحیەی گەلاڵەیە، لە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوا قەزای ڕەواندوزە، لە باشوریشەوە قەزای پشدەر دەوری دەدات. نەخشەی (1).

## پلانی لێكۆڵینەوە

لێكۆڵینەوەكەمان دابەش كردووە بۆ پێشەكیەك وسێ تەوەر ودەرئەنجام وڕاسپاردە ولیستی سەرچاوەكان. ڕەگەزەكانی مۆرفۆلۆژیای نشینگە گوندییەكان لە ناوچەی لێكۆڵینەوە بەم شێوەیە دابەشكراوە:

---

(*) قەسرێ بەگوێرەی ئەوشوێنەوارانەی كە تێیدا ماوەتەوە بەر لە هەزار ساڵ ژیانی تێدا هەبووە بەشێوەی لادێ دوای ئەوە پەرەی سەندووە بۆتە گوندێكی زۆرفراوان , لەساڵی (1983) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەكۆمەڵ ڕاگوێزران بۆ كۆمەڵگا زۆرەملێیەكان, ساڵی (1991) دوای ڕاپەڕینە مەزنەكەی گەلی كورد، قەسرێ دووبارە ئاوەدان كرایەوە لەلایەن خەڵكی ناوچەكە. بەرەبەرە ئاوەدانی زیاتری بەخۆوە بینی, لە بەرواری (4/11/2007) لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوەكراوەتە ناحیە. ناوی قەسرێ لەوەوە هاتووە كە پاشایەكی لێ بووە بەناوی خەسرەو ماكۆس، پاشان بووە بە قەسرەو ماكۆس ئێستا قەسرەو ماكۆس، قەسرێ یەو بووە بەناحیە، ماكۆسیش گوندێكە لەتەك قەسرێ.

**تەوەری یەکەم:** بریتیە لە شێوازی گوندەکان ئەویش لەچەند خاڵێك پێك دێت وەك (سیستەمی ڕێگاوبانەکان وتەرزی پارچە زەوییەکان وتەرزی بیناکردن).

**تەوەری دووەم:** باس لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی گوندەکان وبەکار هێنانی زەوی لە ناوچەکەدا دەکات، کە پێکهاتووە لە کەرەستەی خانوو، ژمارەی نهۆمی خانووەکان، وتەرزی نشینگەکان.

**تەوەری سێیەم:** تەرخان کراوە بۆ بەکارهێنانی زەوی لە گوندو نیشاندانی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر مۆرفۆلۆجیای گوند، کە پێکهاتووە لە دوو باس، ئەوانیش (فاکتەرە سروشتیەکان – فاکتەرە مرۆییەکان).

نەخشەی (1) ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پارێزگای هەولێر و قەزای چۆمان



سەرچاوە:-هوشیارمحمد امین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتلەسی پارێزگای هەولێر، چاپخانەی تێنوس، هەولێر، 2010، ل76.

ناوچەکە بەگوێرەی بازنەی پانی دەکەوێتە نێوان (36̊.46́.45̋ ـ 36̊.54́.20̋) باکور، وە نێوان هێڵی درێژی (44̊.82́.41̋ - 45̊.00́.60̋) ڕۆژهەڵات. ڕووبەرەکەی دەگاتە (177)کم٢، کە دەکاتە نزیکەی (24.9٪)ی قەزای چۆمان. ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە (5785) کەس بووە لەساڵی 2016 لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای چۆمانە و (44) گوندی لەسەرە (23) گوندییەکانان ئاوەدانە. (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009).

دۆڵی باڵەییان کە لێکۆڵینەوەی پراکتیکی لەسەر کراوە، دەکەوێتە نێوان هەرسێ قەزای چۆمان و ڕەواندوز وپشدەر، ناحیەکانی (وەرتێ ـ قەسرێ ـ سەنگەسەر) دەوری ناوچەکەیان داوە. ڕووبەری ئەم دۆڵە (108)کم٢ دەبێت(*)، نزیکەی (61٪)ی ناحیەی قەسرێ و(15.2٪)ی ڕووبەری قەزای چۆمانی داگیرکردووە، ژمارەی دانیشتوانی (1150) کەسە و(14) گوند لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە (دیلمان، سەرنێل، چۆمساك، ئیسکاوە، ڕەزویکە، وەسان، قەڵات، بوران، ماونان، چۆمە، زەنگەڵێن، خەزێنە، سەرکان، و کۆیلە)، (پاشکۆی (1) و(2).

ڕەگەزەکانی مۆرفۆلۆژیای نشینگە گوندیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

مەبەست لە مۆرفۆلۆژیای گوند، دیمەنی گشتی گوند وشێوەی نشینگەکەیە، بۆیە لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژیای گوند دوو بوار دەگرێتەوە: یەکەمیان شێوەی گوندو پێکهاتە ودرێژبوونەوەی خانووەکانیەتی، دووەمیشیان خانووی گوند ونەخشە وپێکهاتەی بیناکاری خانووەکان دەگرێتەوە.

بۆ دەرخستنی مۆرفۆلۆژیای گوندەکانی دۆڵی باڵەیان وشێوەی دروستکردنی خانووی گوندەکان وکەرەستەی بیناکاری ونەخشەی خانووەکان وبەکارهێنانی زەوی لە گوندەکان وشیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکانی ناوچەی ناوبراو، دابەشی دەکەین بۆ سێ تەوەری پێکهاتوو لە شێوەو بیناکردن ودیمەنی گشتی کەبریتین لە:

تەوەری یەکەم: شێوازی گوندەکان

مەبەستی لێی نیشاندانی ئەو تەرزانەیە کەخانووی دێهاتی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەخۆوە بینیویەتی، لەدابەشبوون وشێوەی درێژبوونەوە وپێکهاتەی جۆریی خانووی گوندەکان. هەروەك پلانی بونیاتنانی گوند دەچێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری جێگەیی (موضعي) بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە تۆبۆگرافیا. (خەلیل ئیسماعیل محمد، ئەیوب خەلیل ئیسماعیل، 2015، ل101)، لێکۆڵینەوەی پلانی گوند لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم شێوازانە دەگرێتە خۆ:

---

(*) لێرەدا ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە تا کۆتایی سنوری باشور و ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قەسرێ هەژمارکراوە، بەو پێیەش دۆڵەکە وهەموو چیا و بەرزاییەکانی دەوروبەری دۆڵەکە لەچوارچێوەی دۆڵی باڵەیان دانراون، چونکە سەرجەم ئەو زەوییانە بەدۆڵی باڵەیان ناوزەند دەکرێ.

1- سیستەمی ڕێگاوبان: شێوازی درێژبوونەوەی ڕێگاوبان پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆكار لەوانە بارودۆخی ژینگەیی وباری ئابووری وڵات وچەندێتی گرنگیدان پێی. ئەو هۆكارانە كاریگەریان هەیە لەسەر چالاكی ئابووری هەر گوندێك هەر وەك جۆرو شێوازی ڕێگاكان دەرخستەی چەندێتی گرنگیدانی حكومەت لەناوچەكە دەخاتەڕوو. سێ جۆر شێوازی ڕێگاوبان لەناوچەی لێكۆڵینەوە دەبینرێن، یەكەمیان ڕێگای سەرەكی(قیرتاوكراو) بریتیە لەڕێگای نێوان (ناحیەی قەسرێ- گوندی سمۆرە) كەچەندین لق وڕێگای لاوەكی لێدەبێتەوە و بەزۆربەی گوندەكاندا تێدەپەڕێت، ودانیشتوانی هەموو ناوچەی لێكۆڵینەوە سوودمەند دەبن لێی. درێژی ئەم ڕێگایە لەدووڕیانی ڕانیە ـ زینوی باڵەیان تا دەگاتە گوندی سمۆرە (10كم)ە، كەدەكاتە (12,66٪)ی كۆی ڕێگاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە.

خشتەی (1) ڕێگاكانی دۆڵی باڵەیان بۆ ساڵی 2016 بە (كیلۆمەتر).

| ژ | ناوی ڕێگا | سەرەكی/ قیر | ٪ ڕێگای قیر | (ڕێگای خۆڵ•) | ٪ ڕێگای خۆڵ | سەرجەمی ڕێگاكان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەروازەی باڵەیان-دووڕیانی ماونان، سەركان | 10 | 100 | 1 | 1.45 | 11 |
| 2 | دووڕیانی ماونان، سەركان-كۆیلە، گردی بلیسك | - | - | 6.5 | 9.42 | 6.5 |
| 3 | ماونان- خەزێنە-كەڵەكی باڵەیان | - | - | 7 | 10.14 | 7 |
| 4 | كەڵەكی باڵەیان -كونە كۆتر | - | - | 5 | 7.25 | 5 |
| 5 | وەسان – بوران | - | - | 4 | 5.8 | 4 |
| 6 | ماونان- چۆمە- زەنگەڵێن - سەرشێخان | - | - | 11 | 15.94 | 11 |
| 7 | پردی سمۆرە - جادەی نێوان گوندی لێوژە و بۆكریسكان | - | - | 16.5 | 23.9 | 16.5 |
| 8 | ڕێگاكانی تر (ناو گوند) | - | - | 18 | 26.1 | 18 |
| | كۆی گشتی | 10 | 100 | 69 | 100 | 79 |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە:

1. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن، ب. ڕێگاوبانی هەولێر، بەشی تەكنیك، داتای بڵاونەكراوە.
2. لێكۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە لە ماوەی (27/7/2016 - 2/8/2016).
3. پاشكۆی ژمارە (1)، (2).

- ڕێگای خوڵی بەهەردوو جۆرەكەیە دەگاتە 69 كم, لەو ژمارەیە ماوەی (51 كم) بریتیە لە ڕێگەی نێوان گوندەكان و كوێستانەكانە كەدەكاتە 64.56٪ كۆی گشتی ڕێگاكانی گواستنەوەو 73.9٪ كۆی ڕێگای خوڵ لەناوچەی لێكۆڵینەوە, لەكاتێكدا ڕێگای خوڵی ناو گوندەكان 18كم پێكدەهێنێت كە دەكاتە 26.11٪ كۆی گشتی ڕێگاكانی گواستنەوە و 22.78٪ كۆی ڕێگای خوڵ ناوچەكە.

ڕێگای دووەم بریتیە لە ڕێگای خۆڵی كە دەكرێ دابەشی بكەین بەدوو شێواز:

أ- ڕێگای خوڵی نێوان گوندەكان و كوێستانەكان: بەشێوەیەكی نارێك لەڕووی درێژیی وپانیەوە لەهەندێ ناوچە تەسك ولەهەندێكی تر فراوانە. هاوكات كۆمەڵێك ڕێگای سەخت وئاڵۆز لەو ڕێگایانە دەبنەوەو بەرەو كوێستان وشاخەبەرزەكان درێژبونەتەوە هەروەك زۆر گوندی ئەو ناوچە بەرزانە بەیەكەوە دەبەستنەوە، ئەم جۆرەی ڕێگایە بوار بە ڕۆیشتنی كەس وئوتۆمبیلی جۆراوجۆر دەدات، لەخراپیەكانی ئەو جۆرە ڕێگایە ئەوەیە كە لەهاویندا دەبێتە هۆی دروستكردنی تەپوتۆز هەروەك لە زستان ڕێگاكە بەجۆرێك خراپ دەبێت كەهاتوچۆ تێیدا ئەستەم دەبێت، درێژی ئەو ڕێگایانە (51) كم دەبێت، كە دەكاتە (64.56٪)ی سەرجەمی ڕێگاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە.

ب- ڕێگای خوڵی ناو گوندەكان: شێوازی ڕێگا لەو جۆرەیان بریتیە لەو ڕێڕەو و گوزەرە تەسك وپێچاوپێچانەی كە لەنێوان یەكەی نشینگەكان درێژدەبنەوە كە شێوازێكی كۆبوەوەی وەرگرتووە كە لەهەندێ كاتدا ڕێگاكان دەگەنە بن بەست وكۆتاییان دێت, ئەم جۆرە ڕێگایە لە گوندی ماونان وسەركان وكۆیلە بە ڕوونی هەستی پێدەكرێت وەك لە وێنەی (1)دیارە. كۆی درێژی ڕێگای ئەم جۆرە دەگاتە 18كم واتە بەڕێژەی (22.78٪) لەكۆی ڕێگای ناوچەكە بەشدارە، خشتەی(1) وشێوەی (1) جۆر ودرێژی ڕێگاو بانەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە ڕوونكراوەتەوە.

لە سۆنگەی ئەوانەی باسكرا ئەوە دەردەكەوێ كە تەرزی ڕێگاوبان لەناوچەكەدا لەئاستی پێویست وداواكراو نیە بۆ كرداری گواستنەوەو گەیاندن هەروەك جوتیاران وكشتیارانی ناوچەكە دووچاری ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لە گەیاندنی كاڵاو بەرهەمە كشتوكاڵیەكان بۆ بازاڕ ودەستی بەكاربەر.

وێنەی (1) ڕێڕەوی تەسك وپێچاوپێچ لە گوندی كۆیلە.




2- تەرزی پارچە زەوییەكان: هەندێك وا پێناسەی دەكەن كەبریتیە لە بەشێكی ڕووی زەوی بە تایبەتمەندییە جیاوازیەكانیەوە، بەكاردەهێندرێت بۆ چالاكیە مرۆییەكان وەك (خانوو، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، كشتوكاڵ). زەوی دەرامەتێكی سروشتی دیاریكراوە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان داواكاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەسەری زیاد دەكات. ڕەگەزە سروشتی وژینگەییەكانی زەوی وەك ئاووهەواو هایدرۆلۆجیا وڕووەكی سروشتی كاریگەریان لەسەر بەكارهێنانی زەوی هەیە.

(محمد عبدالله عمر اللهونی، 2005، ص164). ئەم شێوازە گوزارشتە لە ڕێکخستن وهەماهەنگی پارچە زەوییەکان بۆ بەکارهێنانی جۆراوجۆر، کەبەگشتی ڕواڵەتی نشینگە دەنوێنێ، سەرەڕای جیاوازی ئەو پارچانە لەڕووبەرو دووریان لەنێوان خێزانێك بۆ یەکێکی تر، کە ئەوەش زادەی پەیڕەونەکردنی سیستەمێکی ئەندازەی دیاریکراوە لەجێ بەجێکردنیدا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دابەشبوونی یەکە نشینگەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، ئەمە بەڕوونی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەرچاو دەکەوێت. دیاریکردنی ڕووبەری ئەو پارچە زەوییانە وابەستەیە بە قەبارەی خێزان وتوانا ئابوورییەکەی لەگەڵ پێویستی جوتیار بەجێگربوونی لە ناوچەکە، ئەو بارودۆخەش کاریگەری هەیە لەسەر کرداری دروستبوونی نشینگەی گوندی بەشێوەی خانووی کراوەو داخراو بە پەیڕەوکردنی شێوازی کۆنی نازانستی کە باردۆخی کۆمەلآیەتی وکەلتوری ولێزانی ڕۆڵ دەبینن لەدروستبوونی ئەو شێوازە، کە هەندێك جار بەشێوازی خانووی دابڕاو دەکەونە ناوەراستی زەوی کشتوکاڵیەوە وەهەندێك جار بەشێوەی خانووی بەیەکەوە لکاو لەگەڵ دراوسێکانیدا دەردەکەون، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە نزیکن لەڕێگای سەرەکی لە شێوەی هێڵکرد.




قەبارەو شێوەی خانووەکانی نشینگەکانی ئەو ناوچەیە ئەندازەو ڕووبەری جیاوازیان وەرگرتووە کە ڕووبەریان لەنێوان (50-400م2) دەبێت، ئەمەش بەپێی گونجاوی زەویەکە لەڕووی بەرزی ونزمی وتوانای دابینکردنی زەویەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێزانانەی کە خانووەکەیان دروستکردووە. سەرباری ئەمانە ڕووبەری زەوی بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەستە بەشێوەی تۆپۆگرافی باو لەناوچەکە، لەشوێنە دەشتاییەکانی نێوان چیاکاندا ڕووبەری خانوو گەورەترە لەوەی لەقەدپاڵ چیایە. (خەلیل ئیسماعیل محمد, ئەیوب خەلیل ئیسماعیل، 2015، ل103).

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو جیاوازییەی لەتەرزی پارچە زەوییەكان هەیە دەبێتە مایەی هاتنەكایەی جیاوازی لە مۆرفۆلۆژیای گوند، چونكە ئەو پارچە زەوییانەی ڕووبەریان ڕێكو هاوشێوەیە وادەكات ڕێگاوبانی نێوانیان ڕێكوپێك بێت، وشێوەیەكی دیاریكراو دەبەخشێتە گوند، بە پێچەوانەی ڕووبەری هەڕەمەكی كە جادەكانی ناڕێك وتەسك وباریكن شێوەی گوندەكەش ناڕێك دەبێ.( خەلیل ئیسماعیل محمد و ئەیوب خەلیل ئیسماعیل، 2015، ل104 ).

3- تەرزی بیناكاری: خانووی گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی خەڵكەكەیە لەڕووی كۆمەڵایەتی وئابوورییەوە كەلەڕووی بونیاتنان ودروستكردنەوە گوزارشت لە پێداویستی وتوانایی مرۆڤەكان دەكات هەروەك گونجاو هەماهەنگە لەگەڵ بارودۆخی ژینگەیی لەڕووی دیزاین وشێوازی خانووەكان كەدەكرێت بڵێین هاوشێوەی ئەو شێوازانەن كە لە شارستانیەتی وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا باوبوە، بەڵام ئەو شێوازەی باوە لە ناوچەكە خاوەن هەندێك تایبە تمەندی دیاریكراوە لە ڕەخسانی بۆ چالاكی كشتوكاڵ وبەخێوكردنی ئاژەڵ بەوەی كە لە پێكهاتەی خانووەكەدا ژووری كراوەو داخراو هەیە ئەویش ڕەنگدانەوەی ژیانی گوندی وسروشتی ئەو كاروچالاكیانەن كە خەڵكەكە ئە نجامی دەدەن.

لەگەڵ ئەوەی نەخشەیەكی دیاریكراو چەسپاو نیە بۆ بنیادنانی خانوو لە ناوچەی لێكۆڵینەوە، بەڵام هەموویان لەڕووی پێكهاتەی خانووەكان لێك دەچن سەبارت بە پێكهاتەی ژوورەكان ولەگەڵ تێبینی كردنی جیاوازی كەم لە نێوان خانوویەك بۆ یەكێكی تر بە پێی فاكتەرە كارلێكردووەكانی سەری.

لەماوەی لێكۆڵینەوەی مەیدانیمان بۆ گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە (كە لەشێوەی فۆرمی ڕاپرسی وچاوپێكەوتن لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەكە ئەنجامانداوە) هەستمان بە شێوازو نمونەی جۆراوجۆر كرد لەخانوو كەبەشێوەی هەرەمەكی بونیادنراون، زۆر بەكەمی دیوی ناوەوەی خانوەكان لێكدەچن، ئەمەش بەو مانایە نایێت كە خانووەكان لەڕووی پێكهاتنەوە لێك ناچن بەشێوەیەكی گشتی یەكەكانی ئەو ناوچەیە لەچەند بەشێكی سەرەكی پێك دێن بەو شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم:- ژووری نوستن: جیاوازی هەیە لەنێوان خانوویەك بۆ یەكێكی تر لە ڕووی ژمارەی ژووری نوستن كە پێك دێن لە یەك ژوور یان چەند ژوورێك وە ڕووبەرو فراوانی هەر ژوورێك پەیوەستە بە قەبارەی خێزان وئاستی بژێوی وەئەندازەی خانووەكەو نەخشەو شێوازی خانووەكە. لەئە نجامی لێكۆڵینەوەی مەیدانی وڕاپرسی كە بۆ یەكەكانی نیشتەجێبوون لە ناوچەكە كراوە ئەوە دەركەوتووە كە ژمارەی ژووری نوستن یەك بۆ دوو ژوور دەبێت. ئەو خانووانەی كە یەك ژووری نوستنیان هەیە ڕێژەكەی دەگاتە (70٪) وەئەوانەی كەلە یەك ژووری نوستن زیاتریان هەیە دەگاتە لە (30٪) كە زۆربەیان لەو خانوانەن كە بەشێوازو كەرەستەی بیناسازی نوێ دروستكراون بەتایبەت دوای پێدانی پێشینەی خانووبەرە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە وەك هاندانێك بۆ چۆڵنەبوونی گوندەكان دراوە بە گوند نیشینەكان كە بڕەكەی لەنێوان (25-75) ملیۆن دیناری عێراقی بوو.

دووەم- هەیوان: ئەو ڕووبەرەیە لە خانوو كە بەشێوەی داخراو یان كراوەیە لەناوەوەی خانوەكەدا وە زۆربەی كات دەكەوێتە نێوان دوو ژوور كە بەكاردەهێنرێت بۆ دانیشتنی تاكەكانی خێزان لەهاویندا وە بەكارهێنانی وەك ناندین لەوەرزی زستان، وە ڕێژەی ئەو خانووانەی كە هەیوانیان تێدایە نزیكەی (30٪) سەرجەم یەكەكانی ناوچەكە.

سێیەم- دیوەخان: بریتیە لە ژوورێكی جیا لە پێش یاخود لەدواوەی یەكەكان دروستكراون. بەكاردەهێنرێت بۆ پێشوازی كردنی میوان، و ڕەگەزێكی گرنگە لە پێكهاتەی خانووی گوندی باو، بەوەی كە تاكە شوێنە بۆ چارەسەركردنی كێشە گشتیەكان وتایبەتیەكان وە پێگەو تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی خۆی هەیە. ڕێژەی ئەو خانووانەی كە دیوەخانیان تێدا هەیە دەگاتە نزیكەی (90٪) سەرجەم خانووەكانی ناوچەكە.

چوارەم- حەوشە (بەرهەڵ): حەوشە وەك پارچە زەویەكی سەرەكی لەدەروازەی خانووەكە ڕووبەرێك داگیردەكات ئەگەرچی حەوشە لەزۆربەی كات و شوێنەكاندا قەبارەو ئەندازەیەكی تاڕادەك گەورەی داگیركردووە بەڵام سروشتی ناوچەی لێكۆڵینەوە وەكەمی ڕووبەری تەرخانكراو بۆ خانوو تاڕادەیەكی زۆر یەكەكانی ئەو ناوچەیەی بێ بەش كردووە لە بوونی حەوشەی گەورەدا هەروەك بوونی شورا یان دیواری جیاكردنەوەی خانوو لەگەڵ زەوی دەرەوەدا ڕەگەزێكی گرنگی دروستكردنی خانووە لەهەر شوێنێك بەڵام لەناوچەی لێكۆڵینەوە ئەم دیوارو جیاكردنەوەیە بەدی ناكرێت بەرێژەیەكی كەم نەبێت بۆ نموونە زیاتر لە گوندەكانی وەسان ودیلماندا هەیە. ئەوەشی هەیە زیاتر بەشێوەی تەلبەند سیمكراون.

پێنجەم- باخچەی ناوخۆیی: گوزارشتە لەپارچە زەویەكی بچوك لەبەشێك لە خانووەكانی ناوچەكە بەدی دەكرێت كە هەندێكیان بۆ مەبەستی دانیشتن وكات بەسەربردن تەرخان دەكرێت یان دەكرێن بە چاندنی سەوزەو پێداویستی ڕۆژانە، وەلەهەندێك باردا كۆمەڵێك درەختی لێ دەچێنرێت بەمەبەستی بەرهەمهێنان بێت یاخود دروستبوونی سێبەر بێت لە باخچەكە.

شەشەم- هۆڵی ئاژەڵ: بەخێوكردنی ئاژەڵ لەناو ئەو یەكە نشینگانەدا بەشێكە لە پیشەی كشتوكاڵی دانیشتوانی گوند لەناوچەكە، بەهۆی ڕەخسانی بارودۆخی ژینگەی لە دەڤەرەكە. ئەم هۆڵانە بەكاردەهێنرێن بۆ مانەوەو حەوانەوەی ئاژەڵەكان كە هەندێكیان لەناوەوە وهەندێكیان دەكەونە دەرەوەی خانووەكە. قەبارەی ئەو هۆڵانە جیاوازن لە خانوویەك بۆ یەكێكی تر، چونكە پەیوەستە بە ژمارەی سەر ئاژەڵ وئەو ڕووبەرە زەویەی كە بۆی تەرخانكراوە.

حەوتەم- كۆگای ئالیك: ئەوەش بەشێكی گرنگی كۆنە لەو نشینگە گوندییەكانانە، كەبوونی پەیوەستە بە سامانی ئاژەڵی هەربۆیە لەزۆربەی خانووەكانی ناوچەكە بەدی دەكرێت، بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی ئەو كۆگایانە زۆر كەمترە لە هۆڵی ئاژەڵ، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زۆرێك لە یەكە نشینیەكانی ئەو ناوچەیە كۆگایان تێدا نیە بەڵكو لەڕۆژدا ئاژەڵەكان لەسەر ڕووەك ولەوەڕی شاخ وكەش وكێوی ئەو ناوچەیە دەلەوەڕێنن وە لە ئێوارانیشدا جوتیارەكە ئالیكی پێویستی بۆ دابین دەكات.

**تەوەری دووەم: پێکهاتە وکەرەستەی بیناسازی**

مەبەست لە تاوتوێکردنی یەکە نشینیەکانی ئەو ناوچەیە یە لەڕووی کەرەستەی دروستکردن لەناوەوەو و ڕووکارو ئەندازەی دەرەوەی لەگەڵ ژمارەی نهۆم وتەرزی دروستکردن (عادل عبدالامیر عبود، 2014، ص34). لێکۆڵینەوەی تاییەت بە شێوەو نەخشەی بیناکاری خانوی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زانیاریمان پێ دەبەخشێ دەربارەی بۆچوون و بیرو هەستی مرۆڤ دەربارەی بیناکردن وشێوەکانی و نەخشەسازی و کەرەستەی بینایی، چونکە جیاوازی لە هەریەك لەمانە دەکرێ پەیوەندی هەبێ بە جیاوازی ژینگەو توانای مادی. لەوانەیە سادەترین جۆری خانوی دێهات، خانوی تاك بێت کە بریتی یە لە ژورێك کە جوتیارو خێزانەکەی بەکاری دێنن وەك جێنشینێك بۆخۆیان ولەوانەشە بۆ ئاژەڵەکان و پاراستنی بەرووبوومی بێت، بۆیە ناچارە ژورەکە دابەش بکات بەقوڕو بەرد یاخود شتی تر کە جیاکەرەوە بێت لەنێوان خۆیان وئاژەڵەکانیان (صبری فارس الهیتی و خلیل إسماعیل محمد، 1986، ص94-99). دەکرێ ئەم تەوەرەیە بەم شێوەیە دابەش بکەین.

1- کەرەستەی بیناسازی: تاوتوێکردنی کەرەستەی بیناسازی هۆکارێکی گرنگ و پێویستە لەخستنە ڕووی بارودۆخی خانووەکان، هەڵبەتە بارودۆخی ژینگەیی کۆمەڵایەتی وئابووری ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەجۆراوجۆری وە سروشتی دروستکردنی خانووەکاندا. سروشت وجۆری ئەو کەرەستانە زۆربەیان ڕاستەوخۆ لەزەوی وخاکی ناوچەکە ئامادە کراون وەك کەرەستەیەك بۆ دروستکردنی خانوو، ئەمیش بە پێی شوێنی جوگرافی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت.

پێکهاتەی نشینگە گوندییەکانەکان ڕەنگدانەوەیەکی تەواو هاوتایە لەگەڵ بارودۆخی سروشتی ناوچەکە وە ئەوەش بەڕوونی بەدی دەکرێت لەکاتی بەراوردکردن لە نێوان ناوچەی لێکۆڵینەوەو لەگەڵ ناوچە گوندییەکانەکانی زەوی دەشتایی تەخت، کە یەکەمیان بەرد وە دووەمیان خشت بەکاردێنن لەبیناکردنی خانووەکاندا، یاخود کەرەستەکان پێك دێن لەخشت وبلۆك وچیمەنتۆ وگەچ کەلە ئێستادا لەدروستکردنی خانوودا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پشتی پێ دەبەسترێت، کە بێگومان جۆر وپێکهاتەی کەرەستەکان ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لەسەر ئاستی جۆری وتوانا وبەرگەگرتن. هەروەك پەیوەستە بە توندوتۆڵی وتوانای مانەوەو ئاستی خزمەتگوزاری. وەك دەردەکەوێ ڕێژەی کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ دروستکردنی خانوو جیاوازە لەنێوان یەکە نشینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەروەك لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە، کە ئەو خانووانەی کە بلۆك بنیاتنراون بەرزترین ڕێژەیان هەیە بە بەراوورد بە جۆرەکانی تری کەرەستەی بیناسازی کە ڕێژەی دەگاتە (50٪) لە کاتێکدا ئەو خانووانەی کە بە قوڕ دروستکراون (40٪)، وە خشت (10٪)ی داگیرکردووە. وە بە لێکدانەوەی مێژووی دروستکردنی ئەو خانووانە ئەوە دەردەکەوێت کە سەرجەم ئەو خانووانە کە بەکەرەستەی توندوتۆڵ وپتەو وەك (بلۆك وچیمەنتۆ)، دروستکراون لەو ساڵانەی دوایدا وەبەتاییەت لە دوای ساڵی (2010)وە بونیات نراون.

2- ژمارە نهۆمەکان: یەکە نشینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە یەك نهۆم یان دوو نهۆم پێك دێن کەئەوەش پەیوەستە بە بارودۆخی ئابووری خێزان لە تواناى تەرخانکردنی زەوی وە بوونی کەرەستەو پێویستی دروستکردن لە پێناو گرتنە خۆی تاکەکانی خێزان لە ئێستاو داهاتوودا. دەکرێ خانووەکانی ئەو ناوچەیە پۆلێن بکرێن بۆ ئەو بەشانەی خوارەوە:

أ- یەك نهۆم: بەشێك لە یەکە نشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەوە جیادەکرێنەوە کە بەشێوەیەکی لێك دابڕاو بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەڵام بەبەرزی جیاواز لەیەك نهۆمدا کۆبونەتەوە بەجۆرێك ڕێژەی (40٪) سەرجەم خانووەکانی ئەو ناوچەیە لەم جۆرەن وەك لە وێنەی (2) بەرچاودەکرێت. وە سەرجەم ئەو خانوانە لەدوای ساڵی 2010 ەوە دروست کراون کە زۆرینەیان سوود مەند بوون لە پێشینەی خانووبەرە وبەشێکی تریان لەسەر ئەرکی خۆیان ئەو خانوانانەیان دروستکردووە.

ب- دوو نهۆم: ئەو جۆرە یەکە نشینگانە دەگرێتەوە کەلە دوو نهۆم پێك دێن وەك ڕەچاوکردنێکی بارودۆخی خێزانی کە ئەمانەش زیاتر لەو خێزانانەدا بەرجەستە دەبن کە خاوەن داهاتوویەکی بەرزن. نمونەی ئەو جۆرە خانووانە لە گوندەکانی وەسان ودیلمان وسەرکان بەرچاو دەکەون. بەشێوەیەکی گشتی (60٪)ی نموونەی وەرگیراوی خانووەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەوجۆرەن لە وێنەی (3) دیارە.




وێنەی (2) خانووی یەك نهۆم، گوندی سمۆرێ

وێنەی (3) خانووی دوو نهۆم، گوندی قەڵات

3- تەرزی نشینگەکان: تەرزی نشینگەکان گوزارشتە لە تواناو لێزانی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری لادێ هاوشان لەگەڵ کاریگەریە سروشتیەکان. تەرزی نشینگەکان لەو لادێیانەدا بە گوێرەی پارستنی مرۆڤەکان نیە لەبارودۆخی ژینگەیی، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە داواکاری خێزانی بۆ دەستەبەرکردنی خۆشی ودڵنیایی تێیدا، هەر بۆیە دەکرێ دوو تەرز جیابکەینەوە کە یەکە نشینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شێوازی بیناسازیەوە کە بریتین لە:

أ- تەرزی یەکە نشینگە کۆنەکان: خاوەن دیزاینێکی هەڕەمەکی جیاوازن، نەخشەی کۆن شێوازێکی باوی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، هەر لە کۆنەوە خانوو لە سەر ئەم شێوازە دروست کراوە کە پێکدێت لە دوو ژوور بەرامبەر یەکتر،

هەیوانێكیش دەكەوێتە نێوانیان، دەرگای ژوورەكان دەكەوێتە بەرامبەر یەكتر وبەرووی هەیوانەكەدا دەكرێنەوە. هەرچەندە تەرزێكی تایبەت ویەكگرتوو بۆ سەرجەم نشینگەكانی ناوچەكە دروست نەبووە، بەلآم لە رووی پێكهاتەكانی ناوەوەی خانووەكانەوە لێكچوون وهاوشێوەیی دەبینرێن، لە رووكاری دەرەوەیاندا چەند پەنجەرەیەك ودەلاقەیەك بەدی دەكرێن كەهۆكارێكی یارمەتیدەرن بۆ هەوا گۆركێو گۆرینی كەشی ناوەوە لە وەرزی هاویندا وریگا بە گوزەركردنی شەپۆلی هەوا وگەیشتنی تیشكی خۆر دەدات بۆ ناوەوە لە وەرزی زستاندا هەروەك دەروازەیەكە بۆ رووناك كردنەوەو روانینی بەشی دەرەوەی خانووەكە وە لە شێوەی ( ٢ ) دیارە.

شێوەی ( ٢ ) خانووی گوند بەشێواز كۆن




ئەم شێوازەی خانوبەرەیە بەوە جیادەكرێتەوە كە دیوارەكانی ئەستورەو لەبەرد دروستكراون، هۆكارێكی یارمەتیدەرن بۆ هاوسەنگ راگرتنی پلەی گەرمی لەوەرزە جیاوازەكاندا، ئەمە سەرەرای ئەوەی كە ئەو شێوازە نشینگانە لە رووی رووبەرو ژمارەی ژوورو پاشكۆكانی تر لەگەڵ فراوانی حەوشە بە پێی قەبارەی خێزان وچالاكیە ئابووری ودابونەریتی ناوچەكە جیاوازن، ئەم شێوازە رێژەی لە ( 60٪ )ی سەرجەم نشینگە گوندییەكانەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەی داگیركردووە.

ب- تەرزی یەكەی نشینگەی نوێ: شێوازی بنیادنانی ئەم تەرزە تارادەیەكی زۆر لێكچووە لەگەڵ ئەو خانووانەی كە لەناوچە شارنشینەكان بونیان هەیە لەرووی پەیوەستبوونی بەشەكانی ناوەوەی بەیەكتر، لەنێوان ژوورو بەشەكانی تری خانووەكەدا رێرەوێك یان گوزەرێكی تەسك هەیە كەسەرجەم ژوورەكانی خانووەكەی دەچێتەوە سەر واتا وەك هۆكارێكی بەیەكەوە گرێدراو وایە لەنێوان بەشەكانی ناوەوەی خانووەكە، پەنجەرەكانیان رووەو دەرەوەن رووبەرێكی گەورەی دیواریان داگیركردووە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوتر، وەك لە شێوەی ( 3 ) دیارە. پێویستە بگوترێ كە زۆرینەی ئەو خانوانە قاتی

خوارەوەیان تەنها وەك گەراجی وەستانی ئۆتومبێل ولەهەندێ کات وەك کۆگا سوودی لێوەرگیراوە لەگەڵ بوونی گەرماو وئاودەست، بەشی سەرەوەش بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراوە.

شێوەی( 3 ) نەخشەی خانووی گوند بەشێوازی نوێ




**تەوەری سێیەم: بەکارهێنانی زەوی لە نشینگە گوندییەکانەکاندا**

پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی یەکەکانی نشینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، زادەی پێداویستیەکانی ژیانی ناوچەکەن کە کۆمەلێك هۆکاری سروشتی مرۆیی بڕیاردەرن لە دیاریکردنی شوێنی گونجاو وەکێشانی خەرجی خانووەکان لە قۆناغەکانی دروستبوون وگەشەکردنیدا، بەو واتایەی کە نشینگە گوندییەکانەکان نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی هیچ پلان وبەرنامەیەك بۆ بنیادنانی شێوازو دیزاینی پێشووتر، بەڵکو جۆری بەکارهێنانی وەزیفی کاریگەربووە لە داگیرکردنی پارچە زەویەکاندا، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە جۆرێك لە تێکەلاوی وئاوێتەیی هەبێت لە بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری جۆراوجۆر، کەدەکرێت جیایان بکەینەوە بەم شێوەیە

**یەکەم: بەکارهێنان بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون:** کارو فرمانی نیشتەجێبوون ڕواڵەتێکی سەرەکیە لە ڕواڵەتەکانی جێگیربوونی مرۆیی لە نشینگەکاندا، ولایەنێکی گرنگە لەبەکارهێنانی زەوی کەدەرەنجامی فراوانی ئەو ڕووبەرەیە کە داگیری دەکات. بچووکی وبەرتەسکی ڕووبەری یەکەکانی نیشتەجێبوون لەگەڵ لەیەکچووی وە هاوشێوەی یەکەکان یەکێکن لە تایبەتمەندیەکانی ئاوەدانکاری نشینگەیی لەگوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. سەرجەم ڕووبەری تەرخانکراو بۆ نیشتەجێبوون بریتیە لە (67500م2) کە دەکاتە (2,25٪) کۆی ڕووبەری گوندەکان.

دووەم: بەكارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری: بەكارهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزاری كۆمەڵگەیی لە وولاتە پێشكەوتوەكاندا مایەی گرنگی پێدانی زۆرە لە كۆمەڵگا گوندییەكانەكاندا، چونكە ئاماژەیەكی دیاری پێشكەوتوی ژێواریە لەهەر كۆمەڵگایەكدا وە پێشكەشكردنی ئەو خزمەتگوزاریە بە مرۆڤ گرێدراوە بە پێشكەوتنی سیاسەتی پەرەپێدان لە ولاّتدا. دابەشبوونی ئەو خزمەتگوزاریە لە كۆمەڵگای گوندیی ناوچەی لێكۆڵینەوە لەچەند خزمەتگوزاریەك كۆ دەبێتەوە كە بریتین لە :

أ- خزمەتگوزاری فێركاری ( خوێندنگای بنەرەتی وئامادەیی ): سەرەڕای سەختی ناوچەكە ودژواری هاتووچۆ بەتایبەت لەوەرزی زستاندا كەچی بوونی چەند خوێندنگایەك تارادەیەك توانیویەتی پێداویستی بەشێك لە خوێندكارانی ناوچە دابین بكات. ژمارەی خوێندنگاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بریتیە لەشەش خوێندنگا بەلاّم تەنها لە پێنج خوێندنگا بەردەوامی دەدرێت بە پرۆسەی خوێندن. ئەو گوندانەی كە خوێندنگایان تێدایە ئەمانەن (ماونان, وەسان، قەلاّت، دیلمان، چۆمساك). سەرجەم ڕووبەری تەرخانكراو بۆ ئەو خوێندنگایانە بریتیە لە (5000م2) كە دەكاتە (0.17٪) كۆی ڕووبەری گوندەكان، وەك لە وێنەی (4) بەرچاودەكەوێت.

ب- خزمەتگوزاری تەندروستی: تەنها دوو بنكەی تەندروستی لەناوچەكە هەن، كە كەوتونەتە گوندەكانی وەسان وماونان. ڕووبەری زەوی تەرخانكراو بۆ ئەو خزمەتگوزاریە لە (1000م2) تێپەڕناكات، واتە تەنها بەرێژەی (0.03٪)ی سەرجەمی ڕووبەری گوندەكان بەشدارە، هەڵبەتە ئەوەش لە ئاستی پێویست وداواكراو نیە، بۆیە لەزۆربەی كاتەكاندا دانیشتوانی ناوچەكە بۆ چارەسەركردن پشت بەنەخۆشخانەكانی قەسرێ وچۆمان و سۆران تەنانەت هەولێریش دەبەستن.

ت- خزمەتگوزاری ئاسایش: ئەگەرچی بوونی بنكەی پۆلیس وئاسایش لە هەر گوند وناوچەیەكدا ڕووبەرێكی زەوی داگیردەكەن، بەلاّم بەهۆی بەڕێوەبردنی ناوچەكە لەلایەن پارتی كرێكارانی كوردستان( پەكەكە ) هیچ بنكەیەكی پۆلیس وئاسایش لە ناوچەكەدا بەدی ناكرێت، بەڵكو بەشێوەی گەڕۆك وجولاّو لەلایەن پارتی ناوبراو سەرپەرشتی ئاسایشی ناوچەكە دەكرێت.

پ- خزمەتگوزاری پیشەسازی: بوونی ئەو جۆرە خزمەتگوزاریە پێویستی وگرنگیەكی ناوچەییە لە كۆمەڵگا گوندییەكانەكاندا، كە دەكرێ ببێتە هەنگاوێك بۆ برەو پێدان وزیادكردنی بەرهەمی كشتوكاڵی لەناوچەكە، هەروەك دەبێتە هۆكارێك بۆ دەستكەوتنی كارو پیشە بۆ دانیشتوانی ناوچەكە، بەلاّم لەكۆی سنوری ناوچەی لێكۆڵینەوە هیچ دامەزراوەو كارگەیەكی پیشەسازی لەناوچەكە بەدی ناكرێت وە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی كە لەناوچەكە بەكاردەبرێن خۆیان لەبەرهەمەكانی سپیایی كۆدەكەنەوە كە ئەویش بەشێوەیەكی سادەو سەرەتایی لە ماڵەكاندا بەرهەم دەهێنرێت.

وێنەی (4)خوێندنگای بنەرەتی و ئامادەیی لە گوندی ماونان




ج- بەکارهینانی بازرگانی: ڕێژەیەکی زۆر کەم لەزەوی گوندەکانی ناوچەکە داگیر دەکات کە لەچەند دوکانێکی کەم وسنوردار پێك دێن، زیاتر بۆ فرۆشتنی کەرەستەی خۆراکی وهەندێ پێداویستی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت کە دەگاتە (13) دوکان، کە ڕووبەری ئەو دوکانانە لەنێوان (9- 36م2)، زیاتر کەوتونەتە سەر ڕێگا سەرەکیەکانی گوندەکان. کۆی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە دەگاتە (202م2) کە ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار کەمە. کە لە (0,007٪) لە سەرجەمی ڕووبەری نشینگەی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە.

د- بەکارهێنانی ئاینی: مەبەست لەو جۆرە بەکارهێنانە بوونی مزگەوتە لەناوچەی لێکۆڵینەوە کە قەبارەو ڕووبەریان بە پێی ئەو شوێنەی بۆی تەرخانکراوە جیاوازە و ژمارەیان دەگاتە (8) مزگەوت. ڕووبەری سەرجەمیان دەگاتە 2115م2، و دەکاتە (0,07٪)ی سەرجەمی ڕووبەری گوندەکانی ئەو دەڤەرەکە، کەلەزۆرێك لە گوندەکانی ناوچەکە بوونیان هەیە، بەڵام بە پێی قەبارەی گوندەکە جیاوازن لە ڕووبەردا.

لە سۆنگەی ئەوەی پێشکەشکرا لە بەکارهێنانی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوە خراوەتە ڕوو کە بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستە جیاوازەکان لە نێوان گوندێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە کەئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر خستنەڕووی کەسێتی بۆ تایبە تمەندی هەر گوندێك. هەروەك دەردەکەوێ کە بواری نیشتەجێ بوون پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

**شێوەکانی دابەشبوونی یەکە نشینیەکان و ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەری**

مەبەست لەو دابەشبوونە چۆنیەتی بڵاوبونەوەی یەکەی نیشتەجێبوونە لەهەر گوندێك بە گوێرەی کاریگەرییە سروشتی ومرۆییەکان، وە دەکرێت جیاکاری لەنێوانیاندا بکەین سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نشینگەکان بەشێوەی چونیەك بەدرێژایی دۆڵەکەدا دابەشبوون کە دەکرێ بە پێی دابەشبوونی یەکەکان دابەش دەبن بۆ دوو تەرز:

1- تەرزی گوندی کۆوەبوو (المتجمع): لەم شێوەیەدا خانوی گوندەکان بە شێوەیەکی کۆوەبو، وە نزیك لەیەکن، بە هەردوو شێوەی ڕێك وناڕێکەوە، ئەمەش بەتایبەتی لە ناوچە لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێت بەهۆی کەمی زەوی کشتوکاڵی، یاخود کۆبوونەوە

لەدەوری سەرچاوە ئاویەكان بە شێوەیەك گوندنشینان هەوڵ دەدەن كەمترین زەوی كشتوكاڵی داگیر بكەن، بۆیە خانووەكانیان لەم ناوچانە بنیات دەنێن كە لێژن وە بەجۆرێك سەربانی خانوی ماڵێك دەبێتە حەوشە بۆ ماڵەكەی سەروی خۆی هەروەك هۆكارە كۆمەلایەتیەكانیش ڕۆڵێكی بەرچاویان هەیە لە كۆبوونەوەی خانوەكان ( محمد عبدالله عمر اللهونی، 2005، ص191 ). لەبەر ئەوەی خانووەكانی پایە پایە بیناكراون وچەند بەرەو سەرەوە برۆین ژمارەیان كەمتر دەبێت تا وای لێدێت لەیەك خانوو زیاتر نابن. وەك لە وێنەی ( 5 ) بەرچاودەكەوێت. جۆری دووەمیش لەم تەرزە ئەو گوندانەن كەلە پێگەیەكی دەشتایی تەخت دامەزراون وخانووەكانیان لەپاڵ یەكن وكۆڵانەكانی باریكن، بەم شێوەیە ئەم گوندانە تەرزی ئاسۆیی كۆوەبوو وەردەگرن. ( خەلیل ئیسماعیل محمد, ئەیوب خەلیل ئیسماعیل، 2015، ل125 ).

2- تەرزی گوندی پەرش وبلاو (النمط المنتشر): نشینگە گوندییەكانی ئەم شێوازە وەردەگرن كەبە شێوەی نارێك دوور لە یەكترەوە لێرە ولەوێ دابەشبوون، ئەمەش تاڕادەیەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستنی خەڵكی ناوچەكە بە ئاوی ژێر زەوی كە لە ئە نجامی كەمی سەرچاوەی ئاوی سەر زەوییەوە دێت بە كۆبوونەوەیان لە دەوروبەری كانی و بیر وكارێزەكان. ( روستەم سەلام عەزیز، 2006، ل60-61 ).

جگە لە كاریگەری هۆكارە سروشتیەكان لە بەرزی ونزمی وئاووهەوا، وە هۆكارە مرۆییەكانیش كاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم شێوازە، گرنگترینیشیان هۆكاری موڵكداری زەوییە كە بە فاكتەری سەرەكی دادەنرێت بۆ پەرش وبلاوی خانووەكان كە زۆرێك لە دانیشتوانی گوندەكان خاوەنی پارچەیەك یان زیاتر لە پارچە زەویەكی خۆیانن ورێگە نادەن كە كەسێكی تر تیایدا نیشتە جێ ببێ، بۆیە هەرتاكێك و لەسەر زەوی خۆی نیشتە جێ دەبێت، بڕوانە وێنەی ( 6 ).

وێنەی ( 5 ) گوندی چیایی كە خانووەكانیان لە پاڵ یەكن ( ماونان ) وێنەی ( 6 ) گوندی پەرش وبلاو ( وەسان )




**ئەو فاكتەرانەی كار دەكەنە سەر مۆرفۆلۆژیای گوندەكانی دۆڵی باڵەیان**

دابەشبوونی شوێنی نشینگە گوندییەكان ڕەنگدانەوەی پەیوەندی مرۆڤن بە ژینگە جوگرافیە جیاوازەكانەوە، ئەمەش زادەی ئاوێتەبوونی چەندین فاكتەری سروشتیو مرۆییە، كاریگەری ئەو فاكتەرەش بەپێی ئەو شێوازە دەردەكەوێت كە نشینگە

گوندییەکان وەریانگرتووە. فاکتەری سروشتی دەستێکی باڵای هەیە لە دەستنیشانکردنی شێوازی دابەشبوون، لە کاتێکدا فاکتەری مرۆیی کە خۆی لە چالاکی ئابووری وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێتەوە، وە زادەی ململانێی نێوان ئادەمیزادو ژینگەی سروشتیە لە پێناو دۆزینەوەی شوێنی لەبارو گونجاو بۆ نیشتەجێبوون، درێژەدان بەمانەوەیان، ڕۆڵی کەمتریان نابێ لە هێنانەکایەی شێوازێکی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر دەگمەنە تاکە فاکتەرێك بتوانێت وێنەی ڕاستەقینەی نشینگەکان بکێشێت. (ڕۆستەم سەلام عەزیز، 2006، ل64). واتا دابەشبوونی شوێنی نشینگە گوندییەکان ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان (مرۆڤ) و(ژینگە)کەیەتی لەهەرێمە جوگرافیە جیاوازەکاندا، کەگەشەو شێوەی نشینگەکان لەهەر ناوچەیەکدا بێت پەیوەستە بە چالاکیەکانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی. (عباس فاضل السعدي، 2002، ص391)، کاریگەریی ئەم فاکتەرانەش بە پێی ئەو شێوازە دەردەکەوێت کە نشینگەکان وەریان گرتووە. (هێرۆ عمر صالح، 2010، ل93). بڕوانە نەخشەی(2).

لە گوندەکاندا پەیوەندی مرۆڤ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژینگەدایە لە ناوچە جوگرافیا جیاوازەکاندا، بۆیە مرۆڤ وچالاکیەکانی کاریگەر دەبن بەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژین وکار دەکاتە سەر شێوازی دابەش بوونی نشینگەکان وشێوەی نشینگەکان وکەرەستەی خانوو دروست کردن وتەرزی بیناو نەخشەو جۆری خانووەکەو پیشەکەی. بە توێژینەوە لە پێگەی نشینگەکان وشێوەکەیان وتەرزەکانیان وڕێکخستنی دەتوانرێت جۆرو پلەی کاریگەری فاکتەرەکان بزانرێت کە کاریگەریان لەسەر گوند نشینەکان هەیە. (عبدالرزاق محمد البطيعي" عادل عبدالله خطاب، 1983، ص78). لێرەدا هەوڵ دەدەین لەدوو باسدا ڕۆڵو کاریگەری ئەو فاکتەرانە لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو:

یەکەم: هۆکارە سروشتیەکان: وەك ئاووهەواو دەرامەتی ئاوو بەرزی ونزمی وخاك، کە کاریگەریان هەیە لە سەر هەڵبژاردنی شوێنی گوند ومۆرفۆلۆژیای گوند. ئەو توخمانەش بەشێوەیەکی دابڕاو کارناکەنە سەر دابەشبوونی گوندنشینانی ناوچەکە، بەڵکو ئاوێتە دەبن و کارلێك دەکەن.

نەخشەی ( 2 ) دابەشبوونی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی arc map, GIs 9.3.

بەرزی ونزمی بەشێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر قەبارەی گوند وماوەی فراوانبوونەکەی. نشینگەی گوندی لە ناوچە شاخاویەکان زیاتر ڕوو لە بڵاوبونەوەن وەك لە ناوچە دەشتایەکان وە ناوچەکەش بە بەرزی ونزمی سەخت دەناسرێت وەك لە نەخشەی ( 2 ) بەرچاو دەکەوێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پارچە زەویانە کە بۆ کشتوکاڵ گونجاون لە ناوچە شاخاویەکاندا بڵاو لێك دابڕاون بەلآم لە ناوچە دەشتایەکاندا پارچە زەویەکان دراوسێی نزیکی یەکترن ( محمد أبو العلا محمد، 2001، ص27 ). هەروەها کاریگەری لەسەر چالاکی ئابووری بەتایبەت کشتوکاڵ هەیە، ئەمە لە ناوچە دەشتیەکاندا دەردەکەوێت کە لە دۆڵی نێوان چیاکان ولەسەر ناوچە تەختاییەکانی چیاکانیش بە جیاوازی ناوچە بەرزەکان دەبینرێت، کە بۆ کشتوکاڵکردن دەشێن. هەروەها بەرزی ونزمی کاریگەری لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان لە ڕووی قەبارە ورووبەر وشێوەی خانووەکان وشێوازی بڵاوبوونەوەیان لە گوندەکاندا هەیە. ( أيوب خليل إسماعيل، 2003، ص92 )، بۆیە ماوە نەبووە بۆ دروست بوونی هیچ گوندێکی گەورە لە دەڤەرەکەدا بەتایبەت لە ناوچە بەرزەکان، گوندەکان قەبارەیان بچوکە وژمارەی دانیشتوانیان کەم دەکات تاکو بەرەو ناوچە بەرزەکان بڕۆین، چونکە لەگەڵ بەرز بوونە لە ئاستی ڕووی دەریادا ژمارەو چڕی دانیشتوان کەم دەکات. ( طه حمادي الحديثي، 1986، ص632 )، بەشێوەك لەناوچە بەرزەکان خانووەکان ڕووبەرێکی کەمی زەویان داگیر

كردووه بەشێوەی چین چین لە قەدپاڵی لێژای یەكان دروست كراون وبەشێكی خانووەكانیش چۆتە ناو لێژاییی وەك لە وێنەی ( 7 ) دیارە. هەروەها بەهۆی ئەوەی لە ناوچە شاخاویەكان كەرەستەی بیناكاری وەك بەردو داروتەختە زۆرەو، بۆیە لە پێشوودا خانووەكان لەم كەرەستانە دروست دەكران، بەڵام لەئێستادا كەرەستەی نویٚ ی بیناسازی بەكاردەهێنرێن بۆ دروستكردنی خانوو. ئاووهەوا وەك توخمێكی گرنگی سەرجەم بوارەكانی ژیان ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە دیاریكردنی شوێنی دروستكردنی گوند و نەخشەی خانوی دێهاتی وكەرەستەی بەكار هاتوو. ئاوو هەوا بەهەموو ڕەگەزەكانیەوە كاریگەری تەواوی هەیە لەسەر چالاكیە جۆربەجۆرەكانی مرۆڤ. ( محمد عبدالله عمرلهونی، 2005، ص89 ). سەبارەت بە گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە كاریگەری ئاووهەوا بەسەر گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە دیارە، بەتایبەت پلەی گەرمی و دابارین. بەتێبینی كردنمان بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە كە خانوەكانیان وەها دروستكراون كە ڕووی پێشەوەیان بە ئاڕاستەی تیشكی خۆر بێت وبەشی پێشتەوەی خانوەكانیان چووەتە ناو زەویەوە، بەتایبەتی ئەو خانوانەی كە لە ناوچە لێژاییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە دروستكراون، بەتایبەت خانووە كۆنەكان وبەتەنیشت یەكەوە دروستكراون، وپەنجەرەكانیان تا ڕادەیەك بچوكە و دیوارەكانیان ئەستورەو ئەمەش بۆ گەرم داهاتنی خانوەكانە لە وەرزە ساردەكان و فێنك بوونیانە لە وەرزە گەرمەكان، ئەم جۆرە خانوانەش بەشێوەیەكی گشتی لە نەخشە كۆنەكاندا دەردەكەوێت كە كەرەستەی بەكارهاتوویان پێكهاتووە لە قوڕو بەردو دار، وە ئاوو هەوا كاریگەری لەسەر خانوە تازەكانیشدا هەیە لە ناوچەكەدا، بەجۆرێك كە سەقفی سانەوی بەكاردەهێنن بۆ گەرم بوونی ژورەكانیان، وە سەبارەت بە كاریگەری ئاووهەوا لەسەر چالاكی كشتوكاڵی، بەهۆی ئەوەی كە بەشێكی زۆری ناوچەی كشتوكاڵی پشت بە ئاوی باران دەبەستێت بۆ كشتوكاڵكردن كە كاریگەری كردووەتە سەر شێوازی بڵاوبونەوەی نیشینگە دێهاتیەكان وەك گوندەكانی ( كاولان وبیٚكویٚران وزیٚوكان ) كەسەر بە گوندی سەركانن، بەجۆرێك زۆر جار جوتیارەكان لەناو زەویەكانی خۆیاندا نیشتەجیٚ دەبن.

وێنەی ( 7 ) خانوو لە قەد پاڵی چیا كەچۆتە ناو لێژاییی ( گوندی كۆیلە )



نەخشەی (2) بەرزی ونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی arc map, GIs 9.3.

**لەڕووی پلەی گەرمی یەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی گەرمی یەکسانی(12)پلەی سەدی وهێڵی گەرمی یەکسانی (14) پلەی سەدی، لەڕووی باران بارانەوە هێڵی یەکسانی بارانی (800ملم – 900 ملم)ی پێدا تێدە پەڕێت.**

**بۆدابینکردنی ئاوی پاك لەو ناوچانە زیاتر پشت بە ئاوی ژێر زەوی وئاوی سەرزەوی وئاوی باران دەبەستن، بە شێوەیەك کە لە ئاوی سەر زەوی سوود وەردەگیرێت لە ئاوی (ڕووباری باڵەیان)[*] بەبەرزکردنەوەی ئاستی ئاوەکە بۆ شوێنی بەرز ولەشێوەی**

---

(*) ڕووباری باڵەیان لە بناری چیای قەندیل سەرچاوە دەگرێت کە سەرچاوەی یەکەمی ڕوبارەکە ئاوی کانی (سپی یە). سەرەتای هەڵقوڵانی لە ناوچەیەکی بەرزو شاخاوی ڕێ دەکات لەسەر سنوری نێوان (عێراق وئێران)، بە درێژایی (16) کم درێژدەبێتەوە، دوای تێکەڵ بونی بەچەند لقێك بڕی ئاوەکە زۆرتر و تیژ ڕەوتر دەبێت. ئەم ڕوبارە هەمیشەییە هیچ کاتێك وشك نابێت، وکاریگەری تەواوی هەیە لەسەر دابەشبوون و کۆبوونەوەی دانیشتوان هەروەك سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کشتوکاڵ لەناوچەکە.

پرۆژەدا ئاو بەسەر گوندەكاندا دابەش دەكرێت. هەروەك لەناوچەی لێكۆڵینەوەدا چەندین سەرچاوەو كانیاو هەڵدەقوڵێن گوندەكانیش سوود لەم سەرچاوانە وەردەگرن لەشێوەی حەوزی ئاو لەشێوەی بۆری ئاو دابەش دەكرێت.

لەكۆتایی ئەم باسەدا دەردەكەوێت كە فاكتەرە سروشتیەكان رۆڵێكی بەرچاویان لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە هەبووە، بەلأم كاریگەری ئەو فاكتەرانە بەتەنها نیە بەڵكو شان بەشانی فاكتەرە مرۆییەكان كاریگەریان هەبووە.

دووەم: فاكتەرە مرۆییەكان: كاریگەری ئەو فاكتەرە كەمتر نیە لە فاكتەرە سروشتیەكان لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندییەكانی ناوچەكە. ئاشكرایە مرۆڤ هەردەم لەكۆشش دایە لە پێناوی بەدەستهێنانی ژینگەی جێگیترو باشتر، ئەمەش پاڵی پێوەناوە كە هەوڵی هەڵبژاردنی ناوچەیەكی باش بدات. (كامەران تاهیر سەعید، 2008، ل158)، واتە فاكتەرە مرۆییەكان كاریگەریان لەسەر دەركەوتن وبلأوبوونەوەی نشینگە گوندییەكانی دەڤەرەكەدا هەیە، وەك فاكتەری مێژوویی وئابووری وكۆمەلأیەتی.

فاكتەری مێژوویی رۆڵێكی گرنگی لە نیشتەجێبوونی دانیشتوان لە ناوچەیەكی دیاریكراو بۆماوەیەكی درێژ هەیە، بە جۆرێك وایان لێدەكات ئەم ناوچانە جێ نەهێڵن تەنها لەژێر گوشاری بەهێزدا نەبێت. (پێشڕەو سەمەد تۆفیق، 2009، ل148)، لەناوچەی لێكۆڵینەوەدا بەهۆی ئەوەی كە نیشتەجێبوونی مرۆڤ مێژوویەكی كۆنی هەیە هەر وەك ئەو بەڵگە وشوێنەوارە مێژووییانەی ناوچەكە پیشانی دەدەن، كە ناوچەی لێكۆڵینەوە لە مێژە خەڵكی لێ نیشتەجێ بووە، بەلأم حكومەتی عیراق لە نێوان سالأنی (1976-1977) گوندەكانی ئەم دەڤەرەی ڕاگوێزا بۆ كۆمەڵگا زۆرەملێیەكانی دەشتی هەولێر وەك كۆمەڵگای پیرزین وشاوەیس كەتا ئیستا زۆربەی خەڵكی ئەم دۆڵە لەوێ نیشتەجێن. فاكتەرە مێژوویی وڕامیاریەكان ڕۆڵێكی كارا دەبینن لەسەر دەرخستن وشارەزا بوون لەسەر جۆری دابەشبوون وبلأوبوونەوەی نشینگە دێهاتیەكان وشێوە وپێكهاتەی گوندەكان لەرێگەی ئەو ڕووداوە مێژوویی وسیاسیانەی كە ڕووبەڕوی ناوچەیەك یان هەرێمێك بوونەتەوە. (صبری فارس الهیتی و خلیل إسماعیل محمد، 1986، ص140). دانیشتوانی ناوچەكە لەكاتی خراپی باری ڕامیاری و مەترسیدا ڕوویان لە ناوچە بەرز و شاخاویەكان كردووە بۆ خۆپاراستن لە هێرش وپەلامارەكانی دوژمن، وەك پەلاماری ڕژێمە یەك لەدوایەكەكانی عێڕاق وخۆپاراستن لە بۆردومانی فڕۆكەكانیان و زۆر جار خەڵكەكە دوور لەیەكتری دەژیان و بلأودەبوونەوە، وە زۆر جاریش كۆدەبوونەوە بۆ خۆپاراستن لە مەترسیەكان بەتایبەتی لە كۆندا، وە بارودۆخی شەڕی ناوخۆ بەهەمان شێوە كاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی كۆبوونەوەو بلأوبوونەوەی گوندەكان، وە زۆر جار گوندەكان توشی چۆڵ بوون دەهاتن و دانیشتوان دەیان گواستەوە بۆ ناوچەیەكی تر.

فاكتەری ئابووری وجۆری چالاكیە ئابوورییەكانی گوند لە ناوچەی لێكۆڵینەوە بە پلەی یەكەم پشتی بەستووە بە پیشەی كشتوكاڵ كردن وبەرووبومە ڕووەكیەكان، وە بە پلەی دووەم پشتی بەستووە بە ئاژەڵداری وبەرووبومە ئاژەڵیەكان، سیستەمی موڵكایەتی تاك وجۆری كشتوكاڵ كردن كاریگەری لەسەر بلأو بوونەوەی خانووی گوندەكان لەناوچەی لێكۆڵینەوە هەبووە،

چونکە هەر خێزانێك خانووی لەسەر زەوی کشتوکاڵی تایبەت بە خۆی دروست کردووە، واتا خانووی نیشتەجێ بوونی لەسەر ئەو زەویە دروست کردووە کە موڵکی خۆیەتی بەهۆی ئەوەی کە مافی ئەوەی نییە لەسەر زەویەکی تر خانوو دروست بکات ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تریش بۆ ئەوەی نزیك بێت لە زەوی کشتوکاڵی خۆی وبە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرێت ئەمەش وای کردووە هەر خانوویەك دوور لە خانوەکانی تر دروست بکرێت وشێوەی بڵاو وەربگرن، لە پاڵ سیستەمی کشتوکاڵ کردن ڕێگاکانی گواستنەوە کاریگەری یان لەسەر بڵاو بوونەوەی گوندەکان هەیە، چونکە ڕێگاکانی گواستنەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسەرکێشکردنی دانیشتوان هەیە بەجۆرێك ئەو ناوچانەی کە ڕێگاکانی گواستنەوەی پێدا ڕەت دەبێت بەناوچەی کۆبوونەوەی دانیشتوان وەك لە گوندی سمۆڕێ بەرچاو دەکەوێت. لەهەمان کاتدا بەهۆی نزمی ئاستی ئابورییان زۆرێکیان خانوەکانیان لەو کەرەستانە دروستکردووە کە لەناوچەکەدا هەبووە سەرەڕای سادەیی خانوەکانیان لەڕووی نەخشەوە کە شێوازی خانووی کۆنن.

فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی شێوەی گوند وجۆری درێژبوونەوەی خانوەکان، زۆر جاریش پەیوەندیە هۆزایەتیەکان وادەکەن گوندی کۆکراوە پەیدابێت بۆ بەدەستهێنانی ئارامی وخێرو بێری هاوبەش، هەستی کۆمەڵایەتی نێوان جوتیاران وئارەزوی هۆزایەتی پێکەوە ژیانی خێزان وکۆکردنەوەیان کاریگەری هەیە لەسەر پەیدابوونی کۆمەڵگە نشینگە گەورەکان. لە ناوچەی لێکۆڵینەوەشدا ئەم فاکتەرە دەورێکی کاریگەری لەسەر شێوەی کۆبوونەوە وشێوەی دروستکردنی خانووی گوندەکان هەبووە، تەنانەت زۆرجار لە گوندێکدا بە هۆی ئەوەی کە هەموو دانیشتوانی گوندەکە لە سەر یەك شێوە خانوویان دروست کردوە بۆیە ئەگەر کەسێك تواناى دروستکردنی خانوویەکی نوێشی هەبێت ئەوا لەبەر خەڵکی گوندەکە خانووەکەی هەر وەی خۆی هێشتۆتەوە، بەڵام ئەگەر لەگوندێکدا بەهۆی چاولێکەریەوە چەند کەسێك خانووەکانیان بەشێوەی نوێ دروستکرد ئەوا زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکە خانووەکانیان بەم شێوازە دروست دەکەن، یەکێکی تر لە کاریگەریەکانی ئەم فاکتەرە لەڕووی ئایینیەوەیە، لەزۆربەی گوندەکاندا مزگەوتێك هەیە کە بەزۆری دەکەوێتە ناوەراستی گوند، دانیشتوانی گوندەکانیش هەوڵ دەدەن لە نزیك مزگەوتەکە نیشتنەجێبن، ئەمە لە زۆربەی گوندەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە دەوروبەری مزگەوتەکان بە کۆبوونەوەی چڕی خانووەکان دەناسرێن بۆیە فاکتەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکانی دۆڵی باڵەیان.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەگەینە ئەو پوختەیەی کە مۆرفۆلۆژیای گوندەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها ئەنجامی فاکتەرێك نەبووە بەڵکو دەرئەنجامی ئاوێتە بوونی هۆکارە سروشتی ومرۆیەکان بووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان هەبووە.

## دەرئەنجام

دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیای گوندەکانی دۆڵی باڵەیان دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە شوێنێکی گرنگی هەیە، بەو پێیەی کە لەشێوەی دۆڵێکە لەناوچەی شاخاوی پارێزگای هەولێر، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان هەبووە.
2. جیاوازی هەیە لەشێوەی خانوو دروستکردن و کەرەستەی بیناکاری، لە کۆندا خانووەکان لە( بەرد وقوڕ ودار) دروست دەکران, خانووەکان شێوەی لاکێشەییان وەرگرتووە و دەرگاو پەنجەرەیان بچوک بوون. ئیستاش ئەم شێوازە لەهەندێك گوندەکان دەبینرێت، بەلاّم لەکاتی ئێستا بەشێوازی نویٚ دروست دەکرێن بەتایبەتی دوای پێدانی پێشینەی خانوو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کە بەشێوازی نوێ لە( بلۆك – چیمەنتۆ) دروستکراون و پەیڕەوی نەخشەی نوێ کراوە.
3. جیاوازی هەیە لەشێوەی گوندەکان بەشێوەی کۆبووەوەو پەرت وبلاّو بونیان هەیە، فاکتەری بەرزی ونزمی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان لەو گوندانەی لێژاییان زۆرە بەقەدپاڵی لێژاییەکانەوە دروست کراون، وڕووبەریان کەمە وەك گوندی کۆیلە وماوان وچۆمە وزەنگەڵێن، بەلاّم گوند هەیە شێوەی پەرت وبلاّوی هەیە وەك گوندی وەسان.
4. فاکتەری ئاووهەوا کاریگەری هەبووە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان، بەجۆرێك لە بەشی باکوری ڕۆژئاوادا بەفرو بارانی لیٚ دەبارێت بۆیە خانووەکان بەشێوازێك دروست کراون کە بگونجێت لەگەڵ ئاوو هەوای ناوچەکە.
5. هۆکاری کۆمەلاّیەتی کاریگەری هەبووە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان و بەجۆرێك زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەیەك تیرەن لە گوندێکدا کۆبوونەتەوەو خانووەکانیان لەنزیك یەکتر دروست کردووە.
6. چالاکی کشتوکاڵی وەك هۆکارێکی ئابوری کاریگەری هەبووە لەسەر مۆرفۆلۆژیای گوندەکان، ڕێگاکانی گواستنەوەش بەشێك لەگوندەکانی کێشکردووە کە بەرپرسە لە بەخشینی شێوەی هێڵ کرد بەگوندەکە.

ڕاسپاردەکان:

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بە پێویست زانرا ئەم ڕاسپاردانە بخرێنە ڕوو:

1. گرنگی بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بدرێت بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکانی گوندەکان ودانانی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ سەرلەنویٚ ئاوەدان کردنەوەیان.
2. ژمارەیەکی زۆری گوندنیشینانی سنوری ناحیەی قەسریٚ بەتایبەتی دۆڵی باڵەیان کۆچیان کردووە بۆ سەنتەری شارەکان تەنانەت هەندێك گوند بەرەو چۆڵبوون دەڕۆن، بۆیە پێویستە پلانی گونجاو دابنریٚ لەپێناو سەرلەنویٚ بنیاتنانەوەی گوندەکان وئاوەدان کردنەوەیان ودابینکردنی خزمەتگوزاری تەواو بۆیان بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان وهەوڵدان بۆ پێچەوانەی کۆچکردن لەشارەوە بۆ گوندەکان.
3. دانانی پلانێك بۆ دروستکردنی گوندی هاوچەرخ لە ڕێگەی کۆکردنەوەی چەند گوندێکی بچوك لە شوێنی گونجاو لە ناحیەی قەسریٚ بەتایبەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی سەرجەم پێداویستی وخزمەتگوزاری بۆ دابین بکرێت، هەروەها

هەلومەرجی ژینگەیی سروشتی و لایەنی کۆمەلایەتی خەلکی ناوچەکە لە دروستکردنی ئەم گوندە هاوچەرخانەدا رەچاو بکرێت.

4. لەسنوری ناحیەی قەسرێ رووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکالی ولەوەرگەی سروشتی فراوان هەیە بۆیە پێویستە گرنگی بدرێت بەکەرتی کشتوکال وئاژەلداری، لەرێگەی یارمەتیدانی جوتیاران ودابینکردنی پێداویستی کشتوکالی وئاژەلداری بۆیان، چونکە ناوچەی لێکۆلینەوە سەرچاوەی ئاوی پێویست وزەویەکی بە پیت ورووبەرێکی بەرفراوانی لەوەرگەی سروشتی هەیە بۆ لەوەراندنی ئاژەل، هەروەها رێژەی بەکارهێنانی زەوی رێژەیەکی بەرز پێکدەهێنێت لە ناوچەکەدا.

5. گرنگیدان بەکەرتی گەشتو گوزار لە ناوچەی لێکۆلینەوەدا، چونکە چەندین ناوچەی گەشتو گوزاری لە ناوچەکەدا هەیە، سەرجەم بنەما جوگرافیە گەشتو گوزاریەکانی تێدا هەیە، وەك دیمەنی سروشتی وئاووهەوای سازگارو سەرچاوەی ئاو بەشێوەی کانیاو وتاڤگەی بچووك.

6. دانانی چارەسەری گونجاو بۆ رێگاکانی گواستنەوەو بەستنەوەی هەموو گوندەکانی ناحیەی قەسرێ و دۆلی بالەیان بە تۆرێکی رێگای هاتووچۆی پێشکەوتوو، بەتایبەتی ئەو گوندانەی رێگایان بۆ نەچووە یاخود رێگاکانیان خۆلە وەك گوندی کۆیلە وچۆمەو زەنگەلین وخەزێنە وقەلات، کە دەبێتە هاندەرێك بۆ خزمەتگوزاری وهۆیەکانی بەرهەمهێنان لە گوندەکاندا، هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ هاتووچۆی رۆژانەی خەلك وگەیاندنی بەروبوومی کشتوکالی بۆ بازارەکان.

## سەرچاوەکان


- پێشرەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوانی شاری رانیە لێکۆلینەوەیەك لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە کۆمەلایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، 2009، ل 148.( بلاونەکراوە)
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، بەرێوەبەرایەتی ناحیەی قەسرێ، 29\12\2009.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەشی نەخشەدانان، 25\11\2009.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، ب. رێگاوبانی هەولێر، بەشی تەکنیك، داتای بلاونەکراوە.
- خەلیل ئیسماعیل محمد و ئەیوب خەلیل ئیسماعیل، گوندنشینی لەهەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر وەك نموونە، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ، 2015.
- روستەم سەلام عەزیز، دابەشبوونی جوگرافی نشینگەگوندییەکان لەقەزای کۆیە وکاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2006، بلاوکراوەتەوە.
- کامەران تاهیر سەعید، کۆیە (لێکۆلینەوە لەجوگرافیای هەرێمی)، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2008.

- هوشیار محمد امین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر، چاپخانەی تێنوس، هەولێر، 2010.
- هێرۆ عمر صالح، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای هەڵەبجەی شەهیددا لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری دێنشینیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2010، (بلاًونەکراوە).
- أیوب خلیل اسماعیل، مورفولوجیة القریة في اقلیم الجبلي، رسالة ماجستر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، 2003. (غیر منشورة)
- صبري فارس الهیتي و خلیل إسماعیل محمد، جغرافیة الاستیطان الریفي، جامعة بغداد، مطبعة الحکمة، بغداد، 1986.
- طه حمادي الحدیثي، جغرافیة السکان، مدیریة دار الکتاب للطباعة والنشر، الموصل، 1988.
- عادل عبدالامیر عبود، مورفولوجیة المستوطنات الریفیة في قضاء ابي الخصیب، 2014.

http://WWW.basrahcity.net/pather/report/basrah/32.htm1

- عباس فاضل السعدي، أساسیات الجغرافیة البشریة، مؤسسة الوراق، عمان، 2002.
- عبدالرزاق محمد البطیعي و عادل عبدالله خطاب، جغرافیة الریف، مطبعة جامعة بغداد، 1983.
- محمد أبو العلا محمد، صورة الأرض في الریف، سلسلة بحوث جغرافیة العدد السادس، الجمعیة الجغرافیة المصریة، دار طیبا، القاهرة، 2001.
- محمد عبدالله عمر اللهوني، التحلیل الجغرافي للاستیطان الریفي في اقلیم کردستان، دراسة تطبیقیة لمحافظة اربیل، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، سلیَمانیة، 2005.

**چاوپێکەوتنەکان:**

1. رسول حسن رسول، دانیشتوی گوندی سەرکان، 2016/7/28.
2. تاهیر قادر مستەفا، دانیشتوی گوندی ماونان، 2016/8/1.

پاشکۆی ژمارە ( 1 ) ناوی گوند وبەشە گوندییەکان ویەکە خزمەتگوزاریەکانی بەکارهێنانی زەوی لە دۆڵی باڵەیان

| ناوی گوند و بەشە گوندەکانی دۆڵی باڵەیان | ژمارەی خانوو | خانووی کۆنکریتی | خانووی قوڕ | ژمارەی قوتابخانە | ژ.بنکەی تەندروستی | ژ.مزگەوت | ژ.دوکان | پڕۆژەی تر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرکان( بەستێ، نێوخان، زێوکان، داڵکە، کاولان، ڕەزمیرە، بێکوێران ) | 51 | 30 | 21 | یەک بێ خوێندن | _ | یەک 300م$^2$ قوڕ | یەک 12م$^2$ | - | - | - | - |
| ماونان ( ماونان، سمۆرە، گۆڕەدێر، کەشان ) | 80 | 35 | 45 | یەک 900م$^2$ | یەک 500م$^2$ | یەک 400م$^2$ | شەش ( 90م$^2$ ) | - | - | - | - |
| وەسان ( وەسان، بنەڵە ) | 67 | 27 | 40 | یەک 800 م$^2$ | یەک 400م$^2$ | دوو ( 200م$^2$ ) | سێ 50م$^2$ | یەک کتێبخانە 220م$^2$ | 3 پڕۆژەی ئاو | قەبرستانی زۆر گەورە | یاریگا 1800م$^2$ |
| قەلات | 70 | 10 | 60 | یەک 800 م$^2$ | - | یەک 350 م$^2$ | یەک 20م$^2$ | 1 | - | - | - |
| کۆیلە | 53 | 10 | 43 | - | - | یەک 400م$^2$ | یەک 12م$^2$ | - | - | - | - |
| ڕەزویکە | 15 | 5 | 10 | - | - | یەک 300م$^2$ | یەک 20م$^2$ | 3 کانی هەیە | - | - | - |
| ئیسکاوە | 10 | 0 | 10 | - | - | - | - | - | - | - | - |
| دیلمان | 10 | 10 | 0 | یەک 800 م$^2$ | - | - | - | - | - | - | - |
| سەرنێڵ | 4 | 4 | 0 | - | - | - | - | - | - | - | - |
| چۆمساک | 25 | 6 | 19 | یەک 800 م$^2$ | - | یەک 200م$^2$ | - | - | - | - | - |
| زەنگەڵێن | 30 | 5 | 25 | - | - | - | - | - | - | - | - |
| چۆم | 6 | 4 | 2 | - | - | - | - | - | - | - | - |
| سەرشێخان* | 3 | 2 | 1 | - | - | - | - | - | - | - | - |
| خەزینە | 15 | 4 | 11 | - | _ | - | - | - | - | - | - |
| بوران | 10 | 5 | 5 | - | _ | - | - | - | - | - | - |

سەرچاوە/

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێزان ( رسول حسن رسول، تاهیر قادر مستەفا ) دانیشتوانی گوندەکانی سەرکان، و ماونان.

2- لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی( 2016/7/27 -- 2016/8/2 ).

3- فۆرمی ڕا پرسی.

پاشکۆی ژمارە ( 2 ) ژمارەی دانیشتوان ویەکە ڕووبەریەکانی ( دۆڵی باڵەیان _قەسرێ_ چۆمان )

| ناوچە | ڕووبەر /کم | چۆمان | قەسرێ | ڕووبەر بەم2 | ڕووبەری ناو گوندەکان | ڕووبەری خانوو | ٪ | دوکان | ٪ | خوێندگا | ٪ | مزگەوت | ٪ | یاریگا | ٪ | تەندروستی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باڵەیان | 108 | 15.21 | 61.02 | 108000000 | 3000000 | 67500 | 2.25 | 202 | 0.007 | 5000 | 0.17 | 2150 | 0.07 | 1600 | 0.05 | 1000 | 0.03 |
| قەسرێ | 177 | 24.93 | 100 | 177000000 | 3000000 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| چۆمان | 710 | 100 | 15.21 | 710000000 | 3000000 | - | - | - | | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | دانیشتوان | زستان | هاوین | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| باڵەیان | 1150 | 750 | 400 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| قەسرێ | 3567 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |

سەرچاوە/ لەلایەن تویژەرانەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە :

1- لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی( 2016/7/27 -- 2016/8/2 ).

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، ب. ڕێگاوبانی هەولێر، بەشی تەکنیك، داتای بلاَونەکراوە.

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.

فۆرمی راپرسی

دەربارەی مۆرفۆلۆژیای گوندەکانی سنووری دۆلی باڵەیان.

١. خانوەکەت چەند مەترە؟ [کەمتر لە ١٠٠ م٢] [١٠٠–٢٠٠ م٢] [٢٠٠–٣٠٠ م٢] [٣٠٠م٢ زیاتر.]

٢. لەچەند قات(نهۆم) پێکهاتووە؟ [١] [٢]

٣. کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی خانووەك چیە؟ [خشت] [بەرد] [بلۆك] [جۆری تر]

٤. لەچەند ژوور پێکهاتووە؟ [ ]

٥. چەند ژووری نوستنی تێدایە؟ [١] [٢] [٣] [٤]

٦. ساڵی چەند دروستکراوە؟ [١٩٨٠–١٩٩٠] [١٩٩٠–٢٠٠٠] [٢٠٠٠–٢٠١٠] [دوای ٢٠١٠]

٧. خانوەکە بۆ چ مەبەستێك بەکاردێنی؟ [تەنها نیشتەجێ بوون] [نیشتەجێبوون و ئاژەڵداری]

٨. خاونووەکە کام لەوانەی تێدایە؟ [دیوەخان] [هەیوان] [حەوشە] [باخچەی ماڵ] [هۆڵی ئاژەڵ] [کۆگای ئالیك] [جۆری تر]

٩. ئایا لەشوێنی لەقەزا یان ناحیە یان شاری تر شوێنی نیشتەجێبوونتان هەیە؟ [بەڵێ] [نەخێر]

١٠. مانەوەتان وەرزییە یان بەردەوام لەگوند دەمێنیەوە؟ [وەرزییە] [بەردەوام لەگوندین]

١١. چەند خێزان لەخانوەکە نیشتەجێن؟ [١] [٢] [٣] [زیاتر]

١٢. هەر تێبینیەکت هەیە دەتوانی لێرە بینوسی

**ملخص**

أن دراسة مورفولوجية القرية لها بعدان، يتمثل أحدهما في شكل القرية وتكوينها وامتداد وحداتها السكنية، ويتمثل الآخر في تصميم المسكن الريفي وبنائه وتكوينه، وعليه فأن اهتمام مثل هذه الدراسة ينصب على المظهر العام للمركز السكني وما تحقق من تطورات في البناء أو تصميم أو التوسع العمراني ومن ثم فهي التعبير الحقيقي عن التفاعل بين الشكل العام للوحدة السكنية وطبيعة الوظائف التي تؤديها.

ويختلف المسكن الريفي في وادي باليان بناحية قسري في مساحته وشكله كما يختلف في نمط ومواد بنائه فمنه البسيط المتواضع ومنه المخطط وبعضها ذات طابق واحد وقليل منها ذات طابقين ومنها ما بني من طين وأخرى من طابوق أو حجر.

## Abstract

The morphology of the village her study two dimensions, is one of them in the form of the village, composition and extension of its residential units, and is another in the design of rural housing, construction and composition, and therefore the interest in such a study focused on the general appearance of the center of the residential and check out the developments in construction or design or urban expansion and therefore the true expression of the interaction between the general shape of the unit and the residential nature of the functions performed.

And different rural housing in the valley Balian district Qasri in the area and shape as different in style and construction materials SQ simple humble and from the scheme and some with one floor and a few double-decker ones and some are built from clay and other than brick or stone.